# بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

# ترسناکترین دیاردەی کۆیلەکردنەوەی مرۆڤ

# لە قاڵبە هاوچەرخەکەیدا

(پێناس، هۆکارەکان، قوربانییان، ڕێکارە یاساییەکان)

د. عمر عبد العزيز

٢٠١٨ ز

﴿وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ وَرَزَقۡنَٰهُم
مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّمَّنۡ خَلَقۡنَا تَفۡضِيلٗا﴾

الإسراء/ ٧٠

متى استعبدتم الناس

وقد ولدتهم امهاتهم أحرارا ؟

عمر بن الخطاب

## تەوەرەکانی ئەم پەڕتووکە:

- پێناسی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە
- بوارو جۆرەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە
- بەهای مرۆڤ لە دیدی ئاینەکانو یاساو ڕێکەوتننامەکاندا
- بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، تاوانێکی ڕێکخراوە
- قوربانییەکان بە پلەی یەکەم لە ڕەگەزی مێیینەو منداڵانن
- جیاوازیی خوێندنەوەکان بۆ هۆکارەکانی دیاردەکە
- ئامانجەکانی تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە
- سێیەم گەورەترین تاوان لە جیهاندا
- هەندێك زانیارییو داتاو ئاماری مەترسیدار
- باندە (مافیا)کانو بازرگانانی مرۆڤفرۆش
- بەرچاوترین یاساکانی جیهان دژی بازرگانی بە مرۆڤەوە
- ناوەندو ڕێکخراوە جیهانییەکانو کۆنگرەکان
- پوختەیەك دەربارەی مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا
- تێڕوانینی شەریعەتی ئیسلامیی بۆ مرۆڤ و کۆیلەکردنی
- وڵاتانی عەرەبییو چارەسەرە یاساییەکان
- ڕۆڵی دامەزاوە ئاینییەکانو دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- کوردستانو بابەتی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

- دەقی وتاری کۆنگرەی جیهانیی (بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە)

(بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە) ناونیشانێکی نوێی سەردەمی هاوچەرخە، بۆ پڕ مەترسیدارترین دیاردە هاوچەرخەکان. ساڵانێکە ڕێکخراوی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکانو دامەزراوەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە پەیوەندیدارەکان بە مافی مرۆڤەوە، سکاڵایانە بەدەست زیادبوونی دیاردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، لە ڕێی ڕفاندنو گوێزانەوەو هەناردەکردنەوە، سەرەنجام لە ڕێی بەکارهێنانەوە بۆ چەندین ئامانجی ناشەرعییو نایاسایی، وەك: بەکارهێنانی ڕەگەزی مێیینەو مێردمنداڵان بۆ مەبەستی سێکسی، یان بەکارهێنانی پارچەکانی جەستەی هەندێکیان بۆ مەبەستی بازرگانی تەندروستیی، یان بەکارهێنان بۆ مەبەستی سوخرەو کاری وۆرەملێو ناچارکردن، یان سواڵ پێکردن، یان چەندین شتی تری هاوشێوە.

ڕۆژانی (٢١) و (٢٢)ی مانگی (مایس)ی (٢٠١٢ز) بەشداری کۆنگرەیەکی جیهانیی بووم لەسەر ئەو دیاردەیە، کە لە شارۆچکەی دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەژێر ناونیشانی (بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، میکانیزمو ڕێو شوێنە کاریگەرەکان بۆ بنەبڕکردنی)، ساز کرا. کۆنگرەکە لە لایەن دوو ڕێکخراوی ئیتالیو وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیاو سەرۆکایەتی ڕێکخراوی هاوپەیمانی نێونەتەوەیی

له پێناو دادگەریی، گریّ درا، به چاودێریی‌و ئامادەبوونی نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامیی‌و کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی‌و ژمارەیەکی زۆر له باڵیۆزو نوێنەرانی وڵاتانی ئەورووپیی‌و عەرەبی، وەك: لیبیاو لوبنان‌و ڤاتیکان‌و ئیتالیاو پەرلەمانتارانی عێراق‌و ئەوروپا.

بەسوپاسەوە له لایەن ڕێکخراوە ئیتالییەکانەوە داوا له بەندەش کرا وتارێکم هەبیّ، که له کۆتاییدا تیشکێکی دەخەمە سەرو دەقە عەرەبییەکەشی وەك بەڵگەنامەیەك بڵاو دەکەمەوە.

گرنگیی لەو کۆنگرەیەدا تەنها گرێدانی نەبوو، گرنگی بەلای منەوە لەوەدا بوو که عێراق به گشتیی‌و کوردستان به تایبەتی, بەئاگا بێنەوە له ئەگەری تەشەنەسەندنی دیاردەی بازرگانیکردن به مرۆڤەوە, به تایبەتی پاش پەرەسەندنی دیاردەی هێنانی هەزاران کەسی بیانیی به بیانووی کارکردن‌و پاش ئەو زانیارییانەی باس لەوە دەکەن که عێراق به کوردستانیشەوە بۆتە پردی پەڕاندنەوەو ترانزێتی هێنان‌و هەناردەکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لەو بیانییانەی که به بیانووی کارو بژێوییەوە دێنە وڵات، که به داخەوە داتایەکی وردی متمانه پێکراو لەم بارەیەوە له بەردەستماندا نیه.

به هەرحاڵ مەترسیی ئەم دیاردەیە لەوەدایە کە تۆڕەکانی مافیاو باندە نێونەتەوەییەکان باڵ بکێشنە ئەم وڵاتەش‌و ئیستغلالی ئەو بارە ئابورییە نوێیەی وڵات‌و ئەو کرانەوەیە بکەن کە ڕووی کردووەتە ناوچەکە, بەتایبەتی پاش ئەوەی لە هەندێ ڕاپۆرتدا بڵاو کرایەوە کە چەند گروپێکی (مرۆڤڕفێن)و فرۆشیاری مرۆڤ لە عێراق سەریان هەڵداوەو چەند حاڵەتێکی ڕفاندنی منالانیش تۆمار کراوە.

ئەم دیاردە ترسناکە کە بە پێی هەندێ ئامار ساڵانە دوو ملیارو نیو دۆلار قازانجی ماددی لێ دەکەوێتەوەو ملیۆنەها مرۆڤ بوونەتە قوربانیی، کە لە (٨٠٪) یان لە ڕەگەزی مێیینەن، بە داخەوە زۆربەشیان بۆ مەبەستی دەستدرێژیی سێکسی بەکار دەبرێن. دیاردەکە خەریکە تەنگ بە وڵاتانی جیهان هەڵدەچنێ، بۆیە ساڵانە چەند کۆنگرەی بۆ گرێ دەدەن، تا ئێستە نزیکەی (٧٠) وڵات یاسای بەرەنگاربوونەوەیان بۆ دەرکردوە، یەکێکیان وڵاتی عیراق بوو، کە لە (٢٣)ی شوباتی (٢٠١٢ز)دا (یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیی بە مرۆڤ )ی دەرکرد، بە تایبەتی پاش بڵاوبونەوەی دەنگۆی ڕفاندن‌و فرۆشتنی ژمارەیەك لە کچان.

دەرکردنی ئەو یاسایە لەو سۆنگەیەوە بوو کە لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی (٢٠١٢ز)، وەزارەتی تەندروستیی عیراق ڕایگەیاند کە دوو باندی ڕفێنەری منداڵان دەسگیرکران، کە بۆ مەبەستی لەشفرۆشیی،

منداڵان‌و مێرمنداڵانیان دەڕفاندو دەفرۆشت. جگە لە سەرهەڵدانی دیاردەی بازرگانیکردن بە کچان‌و فرۆشتنیان بۆ هەمان مەبەست.

زانست

# پێناسی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

بەپێی پرۆتۆکۆلی نەتەوە یەکگرتووەکان، بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بریتییە لە: (هەموو ئەو کردەو پرۆسانەی ئەم شتانە لەخۆ دەگرن، کە بەرامبەر بە مرۆڤێك دەکرێن:

- ڕامهێنانو بەکارهێنانو بەسوغرەگرتن ـ هەناردەکردنو گوێزانەوە.

-پەنادانو وەرگرتن. قۆزستنەوەی لاوازیی کەسێك.

-هەڕەشەو بەکارهێنانی هێز ، یا هەر جۆرە زۆر بۆهێنانێك.

-ڕفاندن. فێڵکردنو فریودانو خەڵەتاندن.

-یارمەتیی وەرگرتن لە کەسێك، بۆ ڕازیکردنی ژێردەستەیەکی..

هەموو ئەم حاڵەتو کارانە بە ئامانجی ئیستغلالی کچانو ژنان، یان بە نیازیی بەکارهێنان بۆ کار، یان بۆ خزمەتکاریيو سوخرە، یان بۆ هەر کارێك بۆنی کۆیلەکردنی لێ بێت، یان بە مەبەستیی بەزۆر خستنەکاری کەسێك، یان بۆ وەرگرتنی ئەندامی جەستەی کەسێك.. هەموو ئەمانە دەچنە خانەی تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

لە ڕاستیدا وەختە بڵێم تێگەیشتن لە دیاردەی (بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە) جۆرە زانستێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ڕەهەندی جۆراو

جۆری هەیەو زۆرجار بە هەڵە ڕاڤە دەکرێو نموونەی هەڵەی بۆ دەهێنرێتەوە، یان لەگەڵ جۆرەکانی تری تاواندا تێکەڵ دەکرێت.

## بوارو جۆرەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

بۆچوونو نەریتە باوو بڵاوەکانو تێگەیشتنە گشتییەکان ـ ئەگەر دروست بێ بڵێم شەعبییەکان ـ زۆر جیاوازن لە ڕاستییو نموونە دروستەکان. بۆ نموونە: زۆر جار وا دەزانرێ کە تەنها ڕفاندنی کەسێك، دەچێتە خانەی تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. لە کاتێکدا کەسێك نەشرڧێندراوە، بگرە تەنانەت زۆریشی لێ نەکراوە، دەتوانم بڵێم: زۆرجار بەخۆشی نازانێت، بەڵام بووەتە قوربانیی کەسێك یان باندێکی مرۆڤفرۆش، بەوەی کە دەچەوسێنرێتەوەو بەرامبەر کرێیەکی کەم، لە دەستێکەوە دەدرێتە دەستێکی ترو بەخۆی نازانێت.

بۆ نموونە: مەگەر ئەو منداڵە ساوایانەی بە مەلۆتکەیی لە باوەشی دایك یان باوکیاندا، دەکرێنە دەستی گۆجو سواڵیان پێدەکرێت، ناچێتە خانەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە؟ یان ئایا ئەو کەسە پیرو پەککەوتانەی کە لە کەناری شۆستەو جادەو بانەکاندا دادەنرێنو لە سەرمای زستانو گەرمای هاویندا، دەکرێنە ئامڕازی سواڵکردن، لە خراپترین جۆرەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە نیە..؟

بەداخەوە، زۆرجار وا دەزانرێ تەنها زۆرلێکردن‌و هەڕەشەکردن، تاکە ڕێگەی بازرگانیکردنە، بەڵام چەندین حاڵەت هەن کە فێڵ‌و فریودان‌و هەڵخەڵەتاندن تیایاندا مەترسیدارترین ئاکامی هەبووە.

یان هەندێ جار وا گومان دەبرێت کە تەنها بۆ کاری سێکسی‌و پەتیارەیی، ئەو مرۆڤانە بەکار دەبرێن، لەکاتێکدا ئەمە تەنها نموونەو بەشێکە لە دیاردەکە.

هەروەها ساڵانێکی زۆر وا دەزانرا کە ئەو کارە تەنها بۆ مەبەستی فرۆشتنی ئەندامەکانی لەشە، جا، بە زۆر، یان بە ناچاریی، یان بە خەڵەتاندن، لەکاتێکدا ئەوەش تەنها نمونەو چەند لایەنێکی مەبەستی ئەو باندە مرۆڤ کوژانەن.

جاری واش بووە وا زانراوە قوربانییەکانی ئەو بوارە تەنها کچی لاو یان منداڵانن، لە کاتێکدا ژن‌و پیاوی بەتەمەنیش زۆر جار بوونەتە قوربانیی دیاردەکە بۆ مەرامی تایبەت.

## بەهای مرۆڤ لە دیدی ئاینەکان‌و یاساو ڕێکەوتننامەکاندا

لە هەموو حاڵەتەکانداو بە هەموو جۆرێك، لە دیدی ئاینییەوە، بازرگانیی کردن بە مرۆڤەوە، تاوانێکی ناشەرعییە، پێچەوانەی ڕێزو کەرامەتی مرۆڤە، کە خوای گەورە بە جێنشینی خۆی دایناوەو لە ئاینە ئاسمانییەکاندا بڕیاری لەسەر ئەو ڕێزەی داوەو لە قورئانی

پیرۆزدا به ئایەتی: (ولقد كرّمنا بني آدم وحملناهم في البرّ والبحر..) الإسراء/٧٠، دوا تاجی ڕێزەو حورمەتی ناوەتە سەری.

ڕیكەوتننامەو یاسا نێودەوڵەتییەكانیش ئەو جۆرە بازرگانیكردنەیان بە تاوانی (جنائی) داناوەو لە زۆر وڵاتدا سزای زیندانیی جۆراوجۆری بۆ دانراوە، بەو پێیەی كە پێشێلكردنی مافی مرۆڤەو لەگەڵ ڕێزو كەرامەتی مرۆڤ یەك ناگرێتەوە. جگە لە چەندین كاردانەوەی تری لە ئاستی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان‌و ئاسایشی هاووڵاتیان لەهەر وڵاتێكدا كە ئەو تاوانەی تێدا بڵاو دەبێتەوە.

## بازرگانیكردن بە مرۆڤەوە، تاوانێكی ڕێكخراوە

دامەزراوەو دەزگاو ڕێكخراوە جیهانییەكانی مافی مرۆڤو توێژەرە كۆمەڵایەتیەكان‌و یاساناسان‌و پسپۆڕانی بواری تاوان، دیاردەی بازرگانیكردن بە مرۆڤەوە بە تاوانێكی ڕێكخراو ـ وەك لە یاساكاندا هاتووە ـ لە (جریمة منظمة) دەزانن، چونكە چەندین گروپ‌و باندو مافیا، بە چەندین قۆناغ‌و پرۆسەی لە قاڵب دراوەوە ئەنجامی دەدەن، لە خەڵەتاندن‌و ترساندن‌و فریودان‌و هەڵنانەوە، دەست پێدەكات، تا فڕاندن‌و بزركردن‌و بێ سەروشوێنكردن‌و كوشتن‌و

هەناردەکردنو فرۆشتنی پارچەکانی جەستە، یان بەکارهێنان بۆ مەرامی سێکسی، یا بێکارییو بە سوغرە گرتن.

لە سەرێکی ترەوە وەنەبێ ئەم تاوانە تەنها مرۆڤە قوربانییەکان بگرێتەوە، بەڵکو چەندین تاوانی تری سیاسیو یاساییو کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە، چونکە مافیاو باندە خراپکارەکانی ئەو بوارە ناچار دەبن پەنابەرنە بەر چەندین تاوانی تری گەورەی ڕێکخراو وەك: ساختەکردنی بەڵگەنامەکان، بەرتیلدان بە فڕۆکەخانەو پۆلیسو دەزگای ئاسایشیو کونسوڵخانەکان، خەڵەتاندنی زۆرێك لە بازرگانە گەورەکان، فێڵکردن لە کۆمپانیا جیهانییەکانی تایبەت بە خزمەتو

## قوربانییەکان بە پلەی یەکەم لە ڕەگەزی مێیینەو منداڵانن

ئامارو داتاکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ڕێژەی لە (٨٠٪)ی قوربانییانی ئەو تاوانە، کچانو ژنان، بە دوایاندا منداڵانن. زۆرێك لە توێژەران پێیان وایە کە خێراترینو پڕفرۆشترین کاری بازرگانیی، بریتییە لە تاوانی بە کاڵاکردنی ژنانو منداڵان بۆ کاری دەستدرێژیی سێکسی.[١] (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی) لە ساڵی (٢٠٠٥)دا ڕایگەیاند

---

١ بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنیی (المساواة الآن).

که زیاتر له (١٢) ملیۆن کەس، بازرگانیی به لەشولاریانەوه دەکرێت، بۆ کاری سێکسیو سوخرەکەشیی.[١]

جێی داخه که ئەم ئامارانه له لایەن نەتەوه یەکگرتووەکانەوه بڵاو دەکرێنەوەو هۆکەشی دەگێڕنەوه بۆ تەشەنەسەندنی دیاردەی پەتیارەییی لەشفرۆشیی، به تایبەتی له وڵاتانی ئەوروپیو ئەمریکاو هەندێك له وڵاتانی ئاسیاییو ئەفریقی, بەڵام له ئاست چارەسەری ئەو هۆکارانه بێدەنگو بێ هەڵوێستو بێ پلانن.

بەپێی زانیارییو ڕاپۆرتەکانی لیژنەو دەزگاکانی سەر به نەتەوه یەکگرتووەکان, کەسانی بێ دەرەتانو منداڵانی بێ سەرپەرشت، به پلەی یەکەم دووچاری بازرگانی پێکردن دەبنەوه، بەڕێژەیەکی تریش ئەوانەی توندوتیژیی دژیان دەکرێت, هەروەها ئەوانەی ئاستی خوێندەوارییو هۆشیارییان له پلەیەکی نزمدایه.

بۆ نموونه: ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کۆچ, ناسراو به (om) باس له (٥٢٣٣) حاڵەتی بازرگانیی به مرۆڤەوه دەکات, له نێوان ساڵانی (٢٠٠١ز) بۆ (٢٠٠٥ز), که له (٨١٪)ی قوربانییەکان له ڕەگەزی مێیینه بوون. به گشتی له (٧٢٪) کەس له قوربانییەکان له خوار تەمەنی

---

٢ ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانیی کاری نێودەوڵەتیی، له مانگی ئازاری ساڵی (٢٠٠٥ز) دا.

(٢٥) ساڵییەوەن, لە ناو ژنەکانیشدا لە (٧٢٪) یان لە کچانی لاو پێکهاتوون. بە گشتیی بە پێی ڕاپۆرتی نووسینگەی نەتوە یەکگرتووەکان، تایبەت بە تاوان، لە سەدا (٧٩٪)ی حاڵەتەکان، بۆ بەکارهێنانو دەستدرێژیی سێکسییە.[١]

## جیاوازیی خوێندنەوەکان بۆ هۆکارەکانی دیاردەکە

بەندە –کە بە سوپاسەوە لەلایەن هەڵسوڕاوانی کۆنگرەی دوکانەوە ـ کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد ـ بانگێشت کرابووم، لە ڕۆژانی (٢١ـ٢٢/٥/٢٠١٢ز)دا، کە گوێم لەقسەو هەڵسەنگاندنو جۆری خوێندنەوەی وتاربێژەکانیان گرت, ئەو قەناعەتەم بۆ دروستبوو, کە وڵاتانی گرفتار بەو دیاردەیە, نەیانتوانیوەو ناشتوانن بگەنە چارەسەرێك، چونکە هەر لە سەرەتاوە ڕێگای ڕاستو دروستیان بۆ دیاریکردنی هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەکە، نەگرتووەتە پێش، هەر وەك نەشیانزانیوەو نەیانتوانیوە سەرەنجامو دەرهاویشتەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانو لێکەوتەکانی دیاردەکە چارەسەر بکەن.

هەندێك لە توێژەران هۆکارەکان دەگێڕنەوە بۆ لایەنی داراییو هەژاریی زۆرێك لە توێژەکان, بە تایبەتی لە وڵاتە هەژارنشینو تازە

---

١ بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنیی: -–www.unodc.org documents -–humak-trafficking.

گەشە سەندووەکاندا. هەندێکی تر پێیان وایە بەشێکە لە کاریگەرییە سلبییەکانی جیهانگیریی‌و کرانەوەی دونیا بەسەر یەکتردا. هەندێك دەزگای تری توێژینەوەش هۆکارەکانی پەیوەندیی‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و تۆڕەکانی (ئەنتەرنێت) بە خەتاباری یەکەم دەزانن.

بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە کۆی ئەم فاکتەرو هۆکارانە پێکەوە بەستراون‌و بە بۆچوونی بەندە پەرەسەندنی دیاردەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆی ئەو سیستەم‌و ڕێساو یاسایانەی کە لە وڵاتانی ئەوروپی پەیڕەو دەکرێن. واتە ئەم خاڵانەی خوارەوە هەموویان بە ڕێژەی زۆرو کەم هۆکارن‌و کاریگەرن:

ـ هەر لە سەرەتاوە خوێندنەوەیان بۆ ئەرك‌و مافەکانی مروڤ بە گشتیی.

ــ بۆچوونیان لەمەڕ دیاردە مرۆییەکان‌و جۆری بەشێك لە یاساکانیان.

ــ بەرنامەکانی خوێندن‌و پەروەردەیان.

ـ میدیاکانیان‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان‌و فەزای مەجازییان.

ـ ناکارایی کڵێساو پیاوانی ئاینییان‌و پشتکردنیان لە بەها ئاینییەکان.

ـ ڕێکارو بەدواداچونی دەزگاکانی جێبەجێکاریان..

هەموو ئەمانە ـ هەرکام بە پشکی خۆی ـ کاریگەریی بەسەر گۆشەیەك لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانە بەجیٚ هێشتووەو ئەو دەرکەوتانەی لیٚ کەوتوونەتەوە کە ئێستە داتاو ئامارەکان لێیان دەدوێن.

لە پاڵ ئەو هۆکارە بنەڕەتییانەدا، هەندێك هۆکاری تریش هەن، وەك:

ـ کرانەوەی وڵاتانی جۆراو جۆری جیهان بەسەر یەکتردا، لە ڕێی میدیاو هۆکارەکانی پەیوەندییەوە.

ـ ئاسانبوونی چوونە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی جیهان.

ـ ناعەدالەتیی دابەشکردنی سامانی زۆرێك لە وڵاتاندا.

ـ دیاردەی بێکاریی لاوانو نەڕەخساندنی هەلی کار بۆ بێکاران.

ـ لاوازبوونی هۆگریی بۆ ئاینو نەتەوەو نیشتیمانو بەها باڵاکان، وەك بەشێك لە دەرکەوتەکانی (جیهانگیریی) و (مۆدێرنە).

ـ گەشەکردنی دیاردەی کارو کاسپی لە هەردوو بواری کرێکاری بیناسازییو خزمەتکاریی لە هوتێلو موتێلو شوێنە گشتیەکانو زۆرێك لە ماڵە دەستڕۆشتوەکانو زۆر شوێنی گەشتیارییو بازرگانییو کۆمپانیاکان، بە تایبەتی لە وڵاتانی دەرامەتدار، بە کەنداویشەوەو تا ڕادەیەك باشووری کوردستانیشەوە.

ئەمەو هەندێك لە توێژینەوەکان، شەڕە ناوخۆکانی هەندێك ناوچەو ئاوارەییو ناچارکردن بە پەنابەرییو ـ بە شێوەیەکی گشتیی ـ گەندەڵیی دەسەڵاتە سیاسییەکانی ناوچەکە، بە بەشێکی تر لە هۆکارەکان دەزانن.

## ئامانجەکانی تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

ڕاستە ڕێژەی زۆری دیاردەکە بووەتە بەشی لایەنی سێکسی، بەڵام ئەم تاوانە گەورەیە، سێ ئامانجی سەرەکیی لە دواوەیە:

یەکەمیان: بەکارهێنانی ئەو مرۆڤە قوربانییانەیە بۆ سوخرەکەشیی و ئەرك و کاری بە تۆپزیی و ئیستیغلالی جەستەیی.

دووەمیان: بەکارهێنانی هەندێکیانە بە مەبەستی بازرگانیکردن بە پارچەکانی جەستەیانەوە.

سێیەمیان: بەکارهێنانی کچەکان و ژنەکان و بەشێك لە مێرد منداڵانیش بە مەبەستی کالری سێکسی و پروپاگەندە سێکسییە بێ ئابڕووەکان، وەك پێشتر باسمان کرد.

دیارە هەرکام لەو ئامانجانەش چەندین بەش و شێوەو نموونەیان لێ دەبێتەوە، وەك:

- ڕاهێنان لەسەر فێرکردنی کەسانی تر بە لەشفرۆشی.
- فێرکردنی منداڵان بە سواڵکردن.
- فێرکردنی هونەری وروژاندنی سێکسی لە ناوەندە بێ ئابڕووەکاندا.
- کارپێکردنی ئیجباریی و نا بەدڵیی لە ماڵەکان و کارخانەکان و کۆمپانیاکان و شوێنە گەشتیاریەکاندا.

ـ ڕاهێنان لەسەر ریکلام کردنو جۆرەکانی پروپاگەندە.

ـ فێرکردنی شێوازەکانی هەڵکوتانە سەر بانكو بازاڕو ئەو شوێنانەی گومان دەبرێت زێڕو پارە، یان شتی عەنتیکەو کەرەسەی گرانبەهایان تێدایە.

ـ ئەمە جگە لە هاندانی فرۆشتنی هەندێك پارچەی لەشیان، وەك: چاو، یان گورچیلە ، یان پارچە دەمار، یان پارچە ئێسك، یان پێست..

## سێیەم گەورەترین تاوان لە جیهاندا

بە پێی ئامارو زانیارییەکانی ناو ڕاپۆرتی ڕێکخراوە جیهانییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە, لە ڕیزبەندیی تاوانە هەرە گەورەکانی جیهاندا، بە پلەی سێیەم دێت، پاش تاوانی بازرگانی بە چەكو تاوانی بازرگانیی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، کە پڕمەترسیترین تاوانی جیهانین لەم سەردەمەداو سالآنە (٩٠٠٠٠٠) نۆسەد هەزار مرۆڤ بوونەتە قوربانیی ئەم تاوانەی سێیەم.[١]

---

١ بڕوانە پێگەی: www.souriatnapress.net-archives

ئەوەی جێی داخەو هەمان کات جێی سەرنجیشە ئەوەیە کە بە پێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (٢٠١٢ز) دا مافیاکانی بازرگانی بە مرۆڤەوە بە ڕێژەی لە (٦٠٪) ژنانن، هۆکەش ـ بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ـ ئەوەیە کە دیاردەی لەشفرۆشیی‌و پەتیارەیی تەشەنەی سەندووەو زۆرترینی باندو گروپە چاوساغەکانی ئەو بوارە، بە داخەوە ژنانن کە خۆیان بۆ خۆیان وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد لە (٨٠٪)ی قوربانییانی دیاردەکە پێکدێنن .

ئەمە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌و جیهاندا, بەڵام لە ئاستی هەندێك وڵاتی ئەفریقیی‌و ئاسیاییدا, لە پاش تاوانی بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە، ئەم تاوانە بە پلەی دووەم دێت، بەو پێیەی کە بازرگانیی بە چەك‌و تەقەمەنییەوە لەو وڵاتانەدا، لە ئاستێکی لە بەرچاوو پێشەوە نیە.

## هەندێك زانیاریی‌و داتاو ئاماری مەترسیدار

لەسەر دیاردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، داتاو زانیاریی‌و ئاماری نادروستی زۆر بڵاو دەبنەوە، بەڵام ئەوەی لە ڕاپۆرتی بەشەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و دامەزراوە متمانە پێکراوەکاندا،

بڵاوکراونەتەوە، شتێکی ئەوتۆیان جیاواز نیە، لەڕووی مەترسییەکانی دیاردەکەو هەڕەشەکانی لەسەر مرۆڤایەتی.

لێرەدا چەند زانیاریی‌و ژمارەو ئامارێك ـ وەك نمونە ـ دەخەمە ڕوو:

ـ ڕاپۆرتێکی دەستەی پەرلەمانیی بۆ ئاسایشی کۆماریی، ئاماژە بەوە دەکات کە بازرگانیی بە مرۆڤەوە بە پلەی سێیەم دێت لە جیهاندا، پاش بازرگانی بە چەك‌و بازرگانی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە, وەك پێشتر وتمان.

ـ بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (یونسێف)، نزیکەی (٢٧) ملیۆن مرۆڤ بە شێوەی جیا جیا، لە حاڵەتی کۆیلایەتیدان .

ـ بە پێی زانیاریی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، ساڵانە ملیۆنێك مرۆڤ دەبنە قوربانیی بازرگانیکردن، کە نیوەیان خەڵکی ئەورووپاو نیوەکەی تریشیان دابەش دەبن بەسەر وڵاتانی کیشوەرە ئاسیایی‌و ئەفریقییەکاندا.

ـ ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە لە (٦٠٪)ی تاوانی بازرگانیی بە ژنانەوە دەکرێت، هۆکارەکەش دەگێڕێتەوە بۆ زیادبوونی دیاردەی لەشفرۆشیی‌و پەتیارەیی, کە قوربانییانی یەکەمی ئەو بوارەش ژنانن.

ـ به پێی ڕێکخراوی کاروباری نێونەتەوەیی (٢) ملیۆن‌و (٢٠٠) تا (٣٠٠) هەزار ئافرەت، ساڵانە ناچار دەکرێن بە دەستدرێژیی سێکسی، بە مەرجێك نیوەی ئەو ئامارە کچانی خوار تەمەنی یاسایی دەگرێتەوە. !

ـ به پێی لێدوانی بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کۆی (٢٢) وڵاتی عەرەبی، تەنها نۆ وڵاتی عەرەبی، هاوکاری پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، بۆ بەرەنگاربونەوەی تاوانی مرۆڤ فرۆشی.

ـ به پێی ڕاپۆرتی (سەنتەری زەمین) ـ کە گرنگیی بە کاروبارە مرۆییەکان دەدات ـ زیاتر لە (١٢) ملیۆن مرۆڤ لە سەراسەری جیهاندا، بە زۆر کاریان پێ دەکرێت. کە ئەمە جۆرێکی هاوچەرخە لە کۆیلەکردنی مرۆڤ.

ـ سەبارەت بە وڵاتانی تووشبوو: تا ئێستە (١٥٠) وڵات لە جیهاندا تێوەگلاون, لەوانە حەڤدەیان وڵاتی عەرەبین. زۆرترین وڵاتی گیرۆدەش بە پلەی یەکەم ڕوسیایە, پاشان وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتیی, بە دوایاندا ئەمریکای لاتینی.

ـ به پێی کتێبی (بازرگانیی بە مرۆڤەوە) ـ کە سەنتەری زەوی بۆ مافی مرۆڤ دەریکردووە ـ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, لەسەرەوەی لیستی ڕەشدایە, لە بواری هەموو جۆرەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. زۆربەی قوربانییە ژنەکان دەبرێنە مارکێتەکانی جلوبەرگی

شاری (لۆس ئەنجلۆس)و تیاترۆخانەکانی (سان فراسیسکۆ)و قاوەخانەکانی (نیۆجیرسی)و کشتیارگەکانی کار لە (فلۆریدا). بەرپرسانی ئەمریکیش ئەم راستییانە ناشارنەوەو دەڵێن: ساڵانە زیاتر لە (١٧) هەزار کەس دەهێنرێنە ناو ئەمریکا بۆ ئەو مەبەستانە.

جا بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوانە تۆمەتبار نەکرێن بە ناڕاستیی لە زانیارییەکاندا, پێویستە ئەوەش بخەمە ڕوو کە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالیی ئەمریکا (fbi)و راپۆرتی وەزارەتی دادی ئەمریکی, بۆ خۆیان دانیان بەوەدا ناوە کە ساڵانە مافیاکانی بازرگانیی بە مرۆڤەوە لە ئەمریکا، نزیکەی (١٠) ملیار دۆلاریان دەست دەکەوێت. ئەوەشیان پشتڕاست کردووەتەوە کە تا ساڵی (٢٠٠٥ز) لە سەدا چوار سەد (٤٠٠٪) ڕێژەی دیاردەکە زیادی کردووە. دوا هەواڵیش لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا ئەوەیە کە هەندێك لە مافیاو بازرگانە ئەمریکییەکان ـ بە بیانووی بەکوڕکردن (تبنّي)، هەزاران منداڵ لە ڕوسیا دەکڕن, نرخیشیان لە نێوان (٧) هەزار دۆلار تا (٥٠) هەزار دۆلارە, بەپێی تەمەن و باری تەندروستییو لێهاتنەکانی منداڵەکان.

ــ بە پێی ڕاپۆتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە (٢) ملیارو نیو دۆلار، قازانجی بازاڕی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، تۆمار کراوە, چونکە

بەپێی خەملاندنی ڕێکخراوی کۆچی نێو نەتەوەیی (om)، قەبارەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، سالآنە لە نێوان (٥) تا (٩) ملیار دۆلارە.

ـ لە سەرێکی ترەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانبارانی ئەم دیاردەیە, لە (٥٤٪)ی ولآتانی جیهان, تیمی پۆلیسی تایبەتیان داناوەو بودجەی تایبەتیشی بۆ تەرخان کراوە.

## باندە (مافیا)کانو بازرگانانی مرۆڤ فرۆش:

دیارە ئەوانەی ئەو کارەیان کردووەتە پیشە (واتە: بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە) باندو گروپو کەسانی جۆراوجۆرن، بەلآم بە پێی ئەو کەیسانەی لە زۆربەی ولآتاندا خراونەتە ڕوو، زۆربەی ئەو باندو تاقمە مرۆڤ فرۆشانە لەمانە پێکدێن:

ـ هەندێك ڕێکخراوی تیرۆرستو توندڕەوو خاوەن مێلیشیا، وەك ئەوەی لەم سالآنەی ڕابردوودا ڕێکخراوی تیرۆوریستی (داعش) سەبارەت بە کچانو ژنانی هاوولآتی (یەزیدیی) لە شنگارو شێخانو موسڵو چەند جێیەکی تر ئەنجامی دا..

ـ کەسانی بەرپرسی حزبییو حکومیی خاوەن پلەو توانای دارایی.

ـ بازرگانو بزنزمانە تێوەگلاوەکان بە گەندەڵیی.

ـ ژمارەیەك لە خاوەن کارگەو کۆمپانیاو دامەزراوەی ئەهلیی.

ـ بەشێ لە بەڵێندەرو خاوەن بازرگانییە بچوكو مامناوەندییەكان.

ـ تۆڕو باندەكانی لەشفرۆشیی‌و پەیتارەیی.

ـ نوسینگەكانی هاوردەكردنی خزمەتكارو كرێكار.

دیارە بە ڕێژەی زۆرو كەم، ئەمانەو كەس‌و تاقمی تریش هەن، كە دەستیان هەیە لە بازرگانیكردن بە مرۆڤەوە، هەركام بۆ مەرامو مەبەستێك لەو مەبەستانەی كە لە بڕگەیەكی تردا باسمان لێكردن.

ئەوەی ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگرە بەڵام ڕاپۆرتە نێو نەتەوەییەكان لەبەر هەندێ هۆكاری ئایدیۆلۆژیی‌و سیاسی‌و ئابوریی باسی لێ ناكەن, ئەوەیە كە زۆرێك لە (مافیا)كان‌و باندەكانی پشتەوەی ئەم تاوانە مەترسیدارە, ژن‌و پیاوانی جوولەكەو خودی ڕژێمی زایۆنی ئیسرائیلە, وەك جێبەجێكردنێك بۆ بڕیارەكانی پرۆتۆكۆلەكانی دەسەڵاتی زایۆنی, بەڵام لەبەر دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریكاو هەژمونی ئەو ڕژێمە لە ناوەندە نێونەتەوەییەكاندا، بێدەنگەی لێ كراوە.

## بەرچاوترین یاساكانی جیهان دژی بازرگانی بە مرۆڤەوە

ڕەنگە كۆنترین بڕیاری هاوچەرخ لەم بارەیەوە لە پەیماننامەی ساڵی (١٩٢٦)ی جنێڤدا هاتبێ، كە لە ماددەی یەكەمدا پێناسەیەكی پوختو گونجاو دەكات، لەچاو ئەو سەردەمەدا كە دەڵی: "بازرگانیی

پێکردنو بەکۆیلەکردنی کەسێك بریتییە لەگرتنو لەناوبردنی مرۆڤێك, بە نیازی بەکۆیلەکردن، یان بە مەبەستی فرۆشتن، یان گۆڕینەوەی".

ـ فەرەنسا یاسای ژمارە (١١١٩/٢٠٠٣)ی لە تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٣)ی هەموارکراوی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەیە، کە (٥) ساڵ زیندانو (٣٠) هەزار یۆرۆ غەرامەی بۆ مرۆڤفرۆشان داناوە. یاسایەکی هاوشێوەش لە ئەڵمانیاو ئەسپانیاو وڵاتانی تری ئەندامی یەکێتی ئەوروپیی هەیە.

ـ یاسای هەموارکراوی ژمارە (٢٨٦/٩٨)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی ئیتالیاش, سزای (٥) ساڵ تا (١٥) ساڵ زیندانو غەرامەیەکی داناوە بۆ ئەو تاوانە. پێشتر یاسای ژمارە (٢٢٨) یان هەبووە لە (٢٠٠٣ز). هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٦ز) بە یاسای ژمارە (١٤٦) ڕێکەوتننامەی (بالیرمۆ)یان پەسەند کرد.

ـ دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین کە یاسای پارێزگاریی لە قوربانیانییانی بازرگانی بە مرۆڤ لە ئەمریکا، لە ساڵی (٢٠٠٠ز) دا پەسەند کرا، پاش ئەوە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠ز) بۆ (٢٠١٢ز) چەندین وڵاتی تر یاسای لەو جۆرەیان پەسەند کرد.

بە گشتیی لە (٦٣٪)ی وڵاتانی جیهان یاسای جۆراوجۆریان بۆ بەرەنگاربونەوەی دیاردەکە, بەسزای جیاوازو غەرامەی جۆراوجۆرەوە.

## ناوەندو ڕێکخراوە جیهانییەکان‌و کۆنگرەکان

- بەرچاوترین کۆنگرەی جیهانیی، کۆنگرەی ناسراو بە پرۆتۆکۆلی (پالێرمۆ)یە لە ساڵی (٢٠٠٠ز)، کە وەکو تەواوکارێکی پرۆتۆکۆلی ساڵی (٢٠٠٠)ی نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە دژی تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بڕیار درا. ئەو پرۆتۆکۆلە چەند ماددەیەکی تەرخان کراوە بۆ پێناسی تاوانەکەو نمونەکانی‌و شێوەکانی. گرفتی ئەم پرۆتۆکۆلە ئەوەیە کە حوکمەکانی پابەندیی ناسەپێنێت بەسەر ئەو وڵاتانەدا، بەڵام دەکرێ بە هەنگاوێکی ئیجابی‌و دەسپێکێکی گونجاوی بزانین.

لە مادەی سێیەمدا لە پرۆتۆکۆلی (پالێرمۆ) هاتووە: بازرگانیکردن بە مرۆڤ بریتییە لە: گواستنەوە، شاردنەوە، وەرگرتنی کەسانێك لەڕێی هەڕەشە، یان بەکارهێنانی هێز، یان هەر زۆرلێکردنێك، یان غەرڕاکردن‌و فریودان بەپارە، یان بەکارهێنان بۆ کاری لەشفرۆشیی، یان سوغرەو خزمەتکاریی، یان فرۆشتنی پارچەکانی جەستە.

هەمان پرۆتۆکۆل ماددەی شەشی تایبەت کردووە بە هاوکاریکردنی قوربانییانی ئەو تاوانە. لە پێنج ماددەی کۆتایی پرۆتۆکۆلەکەشدا، داوا لە وڵاتە پەیوەندیدارەکان کراوە. کە چەند ڕێکارو بەرنامەو سیاسەتێك بگرنە پێش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکە.

ـ ڕێکخراوێکی تری جیهانیی, بریتییە لە (ئەنجومەنی ئەورووپی کۆنگرەی دژ بە بازرگانی بە مرۆڤەوە) لە مایسی (٢٠٠٥ز) دا بە ئامادەبوونی (٤٣) وڵات گرێ دراو تا ئێستە (٣٥) وڵاتی ئەندام کاری پێ دەکەن.

ـ ناوەندێکی تر (دادگای نێودەوڵەتیی تاوان)ە. ئەم دادگا جهانییە مرۆڤفرۆشیی بە تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتیی ناساندووە، لە ماددەی (٧)ی پێڕەوی بنەڕەتی دادگا ـ کە لە ساڵی (١٩٩٨ز) دانراو لە (٢٠٠٢) وە جێبەجێ دەکرێت ـ ئاماژەی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ کردووە، هەروەها بازرگانیکردنی بە مرۆڤەوە بە تاوان داناوە، بە تایبەتی ژنو منداڵ.

ـ هەروەها جاڕنامەیەکیش هەیە بە ناوی (جاڕنامەی برۆکسل) کە لە ئەیلولی (٢٠٠٢ز) پاش کۆنفراسێکی فراوانی ئەورووپیی ڕاگەیەنرا. ئەمەش یەکێکە لە هەنگاوەکان کە کاری ئاسان کرد بۆ لیژنەی ئەورووپی دژی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

ـ (بەڵێننامەی ئەنجومەنی ئەورووپی)ش، یەکێکی ترە لە هەوڵە نێودەوڵەتیەکان کە لە (١٥)ی مایسی (٢٠٠٥ز) لە (وارشۆ) واژووی لەسەر کراو لە (٢٠٠٨ز)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

## پوختەیەك دەربارەی **مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا**[1]

مرۆڤ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بەنرخترین دروستکراوی خوایە.. بە ڕادەیەك کە هەموو دروستکراوانی بونەوەری بەردەستی، بۆ خزمەتکردنی ئەو، بەدی هاتوون.

ئەم ڕاستییە گەردوونییە، لە قورئانی پەیامی خوادا، بڕیار دراوە، بۆیە هەر سووکایەتییەك بە مرۆڤ، بێڕێزییە بەرامبەر ئەو بڕیارە خواییەو بەڕێزترینی دروستکراوانی خوا. ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّمَّنۡ خَلَقۡنَا تَفۡضِيلٗا ٧٠﴾ الإسراء. واتە: بەڕاستییو دڵنیایی، ئێمە ڕێزمان لە نەوەکانی ئادەم ناوەو لە وشکاییو دەریادا ڕاگیرمان کردوونو لە بەهرە خاوێنەکانمان پێ بەخشیونو فەزڵێکی زۆرمان داون بەسەر زۆرێك لەو دروستکراوانەدا کە ئێمە بەدیمان هێناون.

لەبەر ئەو پلەوپایە گرنگە، خوای گەورە چەندین ئاکارو تایبەتمەندییو بەهرەی هەمەجۆری بە مرۆڤ بەخشیووە، وەك: (ژیرییو ئیرادەو ئامێرە هەستیارەکان)، تا بتوانێت بە باشترین شێوە بە ئەرکی خۆی لەم بوونەوەرەدا هەستێت، کەبریتییە لە

---

١ ئەم وتارە لە بنەڕەتدا لە ژمارە (٣٧)ی گۆڤاری (پەیامی ڕاستی)دا بڵاو کراوەتەوە.

(گەشەدان بە تواناکـانی خـۆی) و (ئاوەدانکردنـەوەی زەوی). لەبـەر ئەم پایە گرنگەشە خوای گەورە ویستی بـۆ فریشـتەو دروسـتکراوانی تـر بسـەلمێنێ، کـە مـرۆڤ سـەرداری زەوییـەو شـێری بێشـەی ئـەم بوونەوەرەیە.. بۆیە فەرمانی کرد بە فریشتەکان کە ڕێزی تایبەت لـە باوکە ئادەم بگرن..

لە سەرێکی تریشەوە خوای گەورە لە ناوەڕۆکی ئەم بوونەوەرە ئاگاداری کردووەو کلیلی (سەرەتاکانی زانیاری) ژیانی سەرزەوی تەسلیم کرد: ﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمۡ عَلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٣١﴾﴾ البقرة.

ڕاستە هەندێك جار ئەم مرۆڤە پێی لار دادەنێ‌و ئیرادەی بە باری شەڕو نالەباریدا دەخاتە کار، بەڵام ئەوە باسی ژمارەیەکە لە مرۆڤە نەخۆشەکان، کە لە فیترەتی مرۆڤایەتیی لایانداوەو خوای گەورە ڕازی نابێت بە نوێنەری ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بژمێررێن. لەسەرێکی تریشەوە چەندین جۆر چارەی بۆ ئەو مرۆڤە نامۆیانە دیاری کردووە.

ئەم پێگە بەڕێزەی مرۆڤ، بووەتە هۆی ئەوەی کە کوشتنی تاکە مرۆڤێك لە دیدی قورئاندا، هاوتا بکرێت بە بڵاوکردنەوەی فەسادو گەندەڵیی لەسەر زەویداو یەکسان بێت بەکوشتنی تەواوی مرۆڤەکانی سەرزەوی. ڕزگارکردنی تاکە مرۆڤێکیش لە مردن، یەکسان بکرێت بە ڕزکارکردنی تەواوی مرۆڤایەتیی لە تیاچوون. دەفەرموێت: ﴿ مَن قَتَلَ

نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًاۚ وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ ﴿٣٢﴾ المائدة/٣٢.

لەسەر ئەم بنچینەیە دەتوانین بڵێین کە: یەکەمین (جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ) بەشێوە تەواوەکەی لە مێژوودا، لە ئاینی خوادا ڕاگەیەندرا، ئاین بە گشتیی، نەك تەنها ئیسلامی پیرۆز.. لەو کاتەوە پێغەمبەران (درودی خوایان لەسەر بێت) ڕێی هیدایەتو خۆشبەختییان بۆ مرۆڤ ڕوون کردەوە.

بۆیە زانایانی ئیسلامیش ئاماژەیان بەوە کردووە کە: یەکێك لەو پێنج بەرژەوەندییە گەورە سەرەکییانەی مرۆڤ، کە دەبێ لەڕێی شەریعەتەوە بپارێزرێن (مافی ژیانە) بۆ مرۆڤ، لە تەنیشت بەرژەوەندییەکانی تردا، بەرژەوەندیی (بیروباوەڕ) و (ژیریی)و (نەژاد)و (سامان)دا، کە ئەوانیش لەڕووی ترەوە هەر پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە.. ئەمانە لە کتێبە ئیسلامییەکاندا ناونراون (مصالح العباد)و پاراستنیشیان لە شەریعەتی ئیسلامدا پێی دەگوترێ: (مقاصد الشریعة)، واتە مەبەستەکانی پاراستنی ئەو پێنج بەرژەوەندییەن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئەم مافی بەرژوەندییانە لە کۆمەڵگەو حوکمی ئیسلامیدا، تایبەت بە کەسانێك نین‌و هەموو تاکەکان لە ئاستیاندا یەکسانن. تەنها کەسانێك کە (مافی ژیان)یان لێ زەوت دەکرێ‌و (گیان)یان دەکەوێتە مەترسی، ئەوەی زانایان لەسەری کۆکن، دوو دەستەن:

**دەستەی یەکەم:** ئەوانەی کە لە بەرەی جەنگی دوژمنکاریدا بەشێوەی چەکداریی، دژی حوکم‌و کۆمەڵگە دەوەستنەوەو بەرژەوەندییە گشتییەکان دەخەنە مەترسییەوەو بە هیچ ڕێگەیەکی ئاشتیی وتووێژو گفتوگۆ ڕازی نین، سەرەڕای ئەوەش ئاشوب دەنێنەوەو هێرشی پەیتا پەیتا دەکەنە سەر کۆمەڵگەی دامەزراو. جا، ئەوانەش دوو بەشن:

بەشێکیان (بێ بڕوان)و شەڕەکەیان دژی خواو ئاینی خواو کۆمەڵگەی ئیسلامییەو مەبەستیان بڵاوکردنەوەی خراپەکاریی‌و فەسادە، ئەوە لە زاراوەی قورئانیدا پێیان دەگوترێت: (محارب) واتە: شەڕخوازو حوکمیان ئەوەیە شەڕیان لەگەڵ بکرێت، تا کاتێك لە شەڕ دەکشێنەوەو ئیعلانی شەڕ وەستان‌و ئاشتی دەکەن، یان هەڵدێن‌و واز لە شەڕ دێنن. خوای گەورە لەو بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ البقرة/١٩٣، باسکردنیشیان لە سەرچاوە فیقهییەکاندا لە ژێر ناونیشانی (أحكام الحرابة) دایە.

بەشی دووەمیان: (موسڵمان)ن، بەڵام لە كۆمەڵگەی ئیسلامیی یاخی دەبنو دژی سوڵتەی شەرعی شەڕ دەكەنو ئاسایش تێكدەدەن، ئەوانە هەرچەند موسڵمانیش بن، بەڵام پێیان دەگوترێت: (بغاە) واتە یاخی بووان. ئەوانیش جەنگ دژیان ڕادەگەیەنرێ، تا چەك دادەنێنو ئاسایش بەرپا دەبێتەوە، ئەوانەن كە خوا دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا عَلَى ٱلۡأُخۡرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِي تَبۡغِي حَتَّىٰ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ أَمۡرِ ٱللَّهِۚ فَإِن فَآءَتۡ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا بِٱلۡعَدۡلِ وَأَقۡسِطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ﴾ الحجرات/ ٩.

بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت كە ئەو جەنگكردنە لەگەڵیان پاش هەموو هەنگاوە ئاشتیخوازەكانەو بە شەڕو كوشتن دەستپێ ناكرێت.

باسكردنی ئەمانەش لە سەرچاوە فیقهییەكاندا، لە ژێر ناونیشانی (أحكام البغاة) بە درێژیی هاتووە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین كە ڕەوابوونی شەڕكردن لەگەڵ ئەمانە ـ هەرچەند هاووڵاتییو موسڵمانیشن ـ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە شەڕكردن لەگەڵ بەشی یەكەمیش، تەنها لەبەر یاخیبوونیانە لە سیستەمو شەڕفرۆشتنیان، نەك لەبەر بێبڕواییانو موسڵمان نەبوونیان.

<u>**دەستەی دووەم:**</u> ئەوانەی كە مرۆڤكوژنو بە ناحەق بوونەتە هۆی لەدەستدانی مافی ژیانی كەسێكو تۆڵەیەكی ڕەوا چاوەڕێیان دەكات.

بۆ ئەوانە خوا فەرموویەتی: ﴿ وَلَكُمْ فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ يَـٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ﴾ البقرة/ ١٧٩.

## تێڕوانینی شەریعەتی ئیسلامیی بۆ مرۆڤ و کۆیلەکردنی

ئەوەی لە مێژوودا سەلماوە ئەوەیە کە پێش هاتنی ئیسلامو تا سەدەی شەشی زاینی، سەرەڕای جەختکردنەوەی ئاینە ئاسمانییەکان لەسەر ڕێزو کەرامەتی مرۆڤ، بەڵام کۆیلەکردنی مرۆڤ، دیاردەیەکی جیهانیی بوو, لای هەموو نەتەوەکان پەیڕەو دەکرا, بە تایبەتی وەك دەرهاویشتەی بەشێك لە شەڕەکانو پاش دیلکردنی سەربازانی شەڕ, یان وەك کاردانەوەیەکی هەژارییو نەداریی لە هەندێك وڵاتی کەم دەرامەت, یان وڵاتانی ژێردەستەو چەوساوەدا.

بۆیە کە پەیامی ئیسلام ـ وەك دوا شەریعەتی خودایی لە سەدەی شەشی زاینیدا ـ دابەزیی, ڕووبەڕووی ئەو دیاردە جیهانییە قێزەونە بوویەوە. بەپێی مەنهەجیەتو تایبەتمەندیی ئاینەکە ـ کە لە حیکمەتو دانایی بێ سنووری خوای گەورەوە سەرچاوە دەگرێ ـ لە تەشریعو بەرنامەدانانیدا بۆ لەناوبردنی کۆیلایەتی مرۆڤەکان, گرنگیی بە تەدریجو قۆناغبەندیی دا, وەك زۆرێك لە حوکمەکانی تری. بۆیە لە ماوەی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری ئیسلامدا کە (٢٣)ساڵی خایاند, چەندین حوکمی دانا کە سەرەنجامەکەی بنبڕبوونی دیاردەی

کۆیلایەتیی لێ کەوتەوە, بە بێ ئەوەی بە تاکە حوکم و بڕیارێك بە گژ ئەو دیاردە گەردونییە ڕیشەدارەدا بچێتەوە, کە تێکەڵ بە خوێن‌و هەست‌و کلتورو واقعی کۆمەڵگاکان بوو بوو. بۆیە ئایەتێکی وەك: ﴿ولقد كرّمنا بني آدم﴾ی کردە ناونیشان‌و مانشێت‌و سەرلەوحەی ڕێزلێنانی مرۆڤ و ئازادکردنی‌و بە چەندین حوکم لە بەشەکانی سزادان‌و غەرامەی تاوانباراندا, ئازادکردنی کۆیلەیەکی کردە مەرجی لێخۆشبوونی خوا لە تاوانبار. بەو شێوەیە پاش کەمتر لە سەدەیەك دیاردەی گلدانەوەی کۆیلەو کڕین‌و فرۆشتن پێوەکردنی، لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، بنبڕ بوو.

سەبارەت بە فرۆشتنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤیش, فەقیهە هاوچەرخەکان‌و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان, فتوایان داوە کە کارێکی نادروست‌و حەرامە.[1] هەروەها بە پشتبەستن بە ئایەتی ﴿وما جعل أدعياؤكم أبناؤكم) الأحزاب/٣٣, فتوایان داوە کە دیاردەی (تبنّي)و منداڵکڕین بەناوی بەکوڕکردن، کارێکی حەرامەو پێچەوانەی کەرامەت‌و ڕێزی مرۆڤە.

---

٣ لەوانە: کۆنگرەی جیهانیی فیقهی ئیسلامیی, لە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٨٨ن)دا, مامەڵەو بازرگانیکردنی بە پارچەکانی مرۆڤەوە بە حەرام داناوە.

## وڵاتانی عەربیو چارەسەرە یاساییەکان

هەرچەندە ناتوانین کاریگەریی دانانی یاساو ڕێکارەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو دیاردە دژە مرۆڤانەیە، نادیدە بگرینو لە ڕۆڵی کەمبکەینەوە، بەڵام دەتوانین بیٚ دوودڵی بڵێین کە نە هەبوونی یاسا، نە گرێدانی کۆنگرە، نەدەرکردنی بڕیارو ڕاسپاردە، تاکە هەنگاوی ڕیشەیی نین بۆ ڕێگرتن لە شاڵاوی ئەو دیاردەیە، بەڵکو چەندین پلانو بەرنامەو هەنگاوی تری دەویٚ، کە گرنگترینیان جێبەجێکردنی ژمارەیەکی تری یاسایە، کە پەیوەندییان بە ڕەهەندە سیاسیو کۆمەڵایەتییو ئابورییەکانەوە هەیە، چونکە جێبەجیٚ نەکردنی ئەوانە خۆیان بەشێکی سەرەکین لە هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەکە.

بۆ نموونە: ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە ئازادییە گشتیەکانو ماف بەکاربەرانو چالاکیی بازرگانییو ڕێکخراوەکانو ئادابی گشتییو باری بژێویی هاوڵاتیانو پەنابەرییەوە هەیە، هەموویان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە دیاردەی بازرگانیی بە مرۆڤەوە هەیە. کاتیٚ ئەوانە فەرامۆش دەکرێن، یان حسابێکیان بۆ ناکریٚ، ئەوەی لیٚ دەکەوێتەوە کە (١٥٥) وڵاتی ئێستەی جیهان ئالوودەی بوون, تا نووسینی ئەم بابەتە.

ئەم پێشەکییەم بۆیە خستە ڕوو، تا ئەوە دوو پات بکەمەوە ئەم ڕاکەڕاکەی وڵاتانی عەرەبی تا دەگاتە عێراق‌و بە کوردستانی خۆشمانەوە ـ بۆ دەرکردنی یاسای تایبەت بە بەرەنگاربونەوەی دیاردەی مرۆڤفرۆشیی‌و بازرگانیی بە مرۆڤەوە، ئەوەندەی کە چاولێکەریی خۆرئاوایە، ئەوەندە دەرمانی دەردو تیماری بیمارییەکە نیە، چونکە ئەگەر هەنگاوی تر لەگەڵ دەرکردنی یاسادا نەنرێ، ئەویش دەچێتە دوو توێی چەند پەڕەکاغەزێك‌و ئەخزێتە ناو چەکمەجەکان، یان گۆشەیەکی مردووی لائیحە یان سایتە ساردو سڕەکانی پەرلەمانەکان.

بەڵگەم بۆ ئەمە ئەوەیە هیچ وڵاتێکی عەرەبی پێش ساڵی (٢٠٠٠ز) هیچ یاسایەکی دەرنەکردووە، بەڵام کاتێك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٠٠ز)دا یاسایەکی دەرکردو ناویان نا (یاسای پاراستنی قوربانییانی بازرگانی بە مرۆڤەوە)[١] بە دوایدا وڵاتانی

---

٤ جێی باسە کە ئەو یاسایەی ئەمریکا زۆر ناتەواوەو خاڵێکی تێدایە کە بە مەرجی گرتووە دەبێ هێزو زۆرهێنان، یان فرو فێڵ، لە بازرگانی کردنەکەدا بسەلمێ، وەگەرنا نابێتە تاوان، بۆیە سەرەڕای بوونی دەیان هەزار حاڵەت لەو وڵاتە، لە ماوەی هەشت ساڵدا ـ لە (٢٠٠٠ز) بۆ (٢٠٠٨ز) ـ تەنها (١٣٧) کێشە لە دادگاکاندا کەیسی بۆ دانراوە.

عەرەبیش دەستیان کرد بە دەرکردنی یاسا: وڵاتی قەتەر لە ساڵی (٢٠٠٣ز), ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە (٢٠٠٦ز), ئەندەنوسیاو بەحرەینو یەمەن لە (٢٠٠٧ز), بە دوایاندا عێراق دێت کە ـ تا نووسینی ئەم بابەتە ـ دوا وڵاتە لە (٢٠١٢/٢/٢٣ز) یاسایەکی لەم بارەیەوە دەرکرد، لە کاتێکدا ڕۆژانە سەدان بڕگەو ماددەی دەیان یاسای عێراقیی پێشێل دەکرێن، کە ئەوە خۆی بۆ خۆی هۆکاری سەرەکیی پەیدابوونی دیاردەکەیە لە عێراقدا.

بە پێی ئەو یاسایە بڕیارە لیژنەیەکی مەرکەزیی لە بەغدا هەبێ، لە هەر پارێزگایەکیشدا لیژنەیەکی خۆماڵیی هەبێ، بۆ بەدواداچونی بڕیارەکانو دەستنیشانی گرفتەکانو ئاماژەو نیشانەکانی دیاردەکەو سەرەنجام جێبەجێکردنی بڕیارو ماددە پەیوەندیدارەکان..

تۆی بەڕێز ئەم بابەتە بخوێنەرەوەو مێژووی خوێندنەوەکە بۆ خۆت دیاری بکەو بزانە پاش ماوەیەکی تر باسێك لەم یاسایەو بڕگەکانیو جێبەجێکردنی دەمێنێ ؟!

ئەوەی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت کە جێبەجێکردنی یاسا لە دەرکردنی یاسا زۆر گرنگترە، ئەوەیە کە لە کاتێکدا لە (١٥٥) وڵاتی جیهان ئەم دیاردەیە هەیەو زۆربەی وڵاتانی عەرەبیشی گرتووەتەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە تا ساڵی (٢٠١٢ز) تەنها (٩)

وڵاتی عەرەبی هاوکاریی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردووە، ئەوەی تایبەتە بە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە.

هەرچی (کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی)شە چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکی لەو بارەیەوە هەیە, بەرچاوترینیان داوای جێبەجێکردنی پەیماننامەی عەرەبی مافی مرۆڤە، کە لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیی ساڵی (٢٠٠٤ز) لە تونس بەستراو تیایدا هەموو جۆرەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە قەدەغەو تەحریم کراوە. لە مادەی (١٠)ی بەڵێننامەکەدا دان بەوەدا نراوە کە کۆیلەکردنی مرۆڤ و بازرگانی پێوەکردنی, بە هەموو جۆرو شێوازەکانی قەدەغەیە. هەرووەها کاری بەسوخرەگرتنو بەکارهێنانی بۆ مەرامی سێکسی, یان مامەڵە بە پارچەکانی جەستەی مرۆڤەوە.[١]

لە مادەی (١٣)ی (إعلان القاهرة)ش کە ساڵی (١٩٩٠ز) دەرچووە چەند شتێك قەدەغە کراوە, لەوانە: بەزۆر کاردان بەسەر مرۆڤێکدا، بەدەر لە توانای بێت, یان ئیستغلال کردنی, یان زیان پێگەیاندنی, هەروەها کاری لەشفرۆشیی.

سەبارەت بە دەستوری وڵاتە ئیسلامیی‌و عەرەبییەکانیش, ئەوەی من پێی گەیشتبم هەندێکیان ئاماژەیان تێدایە بە قەدەغەکردنی

---

٥ سایتی تایبەتی (الميثاق العربي لحقوق الإنسان, الجامعة العربية), کە ساڵی ٢٠٠٤ هەموار کرایەوە.

کۆیلەکردنی مرۆڤ, لەوانە ماددەی (٢٠)ی دەستوری سودان, ماددەی (١١)ی دەستوری پاکستان, ماددەی (٣٤)ی دەستوری ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی, ماددەی (٣٠)ی دەستوری عیراق. ماوەتەوە ئەوەش بخەمە ڕوو کە دەستوری عیراقی یەکەم دەستوری عەرەبییە کە ئاماژەی تێدا بێت بە بازرگانیکردن بە ژنان و منداڵان. هەندێ وڵاتی تریش بە دانانی لێژنە, یا دەستەو دامەزراوەی ڕەسمیی, یا بڕیاری تایبەت, ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشەیە بوونەتەوە, وەك وڵاتی (مالیزیا) کە ئەنجومەنێکی باڵای هاوبەشی بۆ داناوە, یان وڵاتی (نەیجیریا) کە ڕێکاری تایبەتی بۆ دەرکردووە.

## ڕۆڵی دامەزاوە ئاینییەکانو دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ئەمە ناونیشانی ئەو کورتە بابەتە بوو کە بە سوپاسەوە لە کۆنگرەی هاوینەهەواری (دوکان) ڕۆژی (٢٠١٢/٥/٢٢ز) بە بەندە سپێردراو پێشکەشم کرد. تیایدا ئاماژەم بەوە کرد کە مادام دیاردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە چەندین ڕەهەندی ئاینییو یاساییو کۆمەڵایەتییو ئابوریی هەیە, پێویستە لە هەموو ئەو لایەنانەوە بڕوانینە کلاورۆژنەی چارەسەرەکانیش، یان ڕووبەروبونەوەی ئەو دیاردە مەترسیدارە، چونکە دیاردەیەکی وا کە چەندین هۆکاری فرە

ڕەهەندی (دەرەكییو ناوخۆیی) لەسەرهەڵدانیدا ڕۆڵیان هەبووە، تەنها بە دانانی یاسایەك، یان دەركردنی بڕیارێك، یان گرێدانی كۆنگرەیەك، یان نووسینی ڕاپۆرتێك، یان پێشكەشكردنی بابەتێك، نەهەقی دەدرێت، نە ڕێی لێ دەگیرێت، بەڵكو لە یەك كاتدا هەموو ئەو هەنگاوانەی دەوێت. تاوانی وا گەورە، كە لە ڕاستیدا سەر لە نوێ دووبارەبونەوەی دیاردەی كۆیلەكردنی مرۆڤە لە بەرگێكی هاوچەرخداو ڕەهەندێكی جیهانیشی وەرگرتووە، پێویستی بە نەخشەو پلانی ڕوبەڕووبونەوەی فراوانو گشتگیر هەیە. دەبێت زانایانی ئاینییو بانگخوازان، ڕاگەیاندكاران، پەروەرشیاران, یاساناسان، ڕووناكبیران، هەموویان شانبەشانی یەك لێبڕێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی.

دەبێ زانایان لە وردییو ڕوونیی باس لە حەڵاڵو حەرامەكانی ئەو بوارە بكەن. یاساناسان كەلێنە یاساییەكان پڕ بكەنەوە. نووسەران توێژینەوەی لەسەر بكەن، میدیاكاران داتاو زانیاریی لەسەر بڵاو بكەنەوەو مەترسییەكانی بخەنە ڕوو. ڕێكخراوەكانی ژنان بە تایبەتی دیدێكی هاوبەش لەسەر دیاردەكەو چارەسەری دەرهاویشتەكانی، بێننە ئاراوە.

دەبیٚ حکومەت کار لەسەر باندو دەستە مافییاکان بکات، بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکات. توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی دەروونیی‌و کۆمەڵایەتییەوە لێیان بکۆڵنەوە.

## کوردستان‌و بابەتی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

من ئەم بابەتەم بۆیە وروژاند، تا بە جیددی لە خەمی کوردستاندا بین. تا سوود لە زانیاریی‌و داتاو ئامارو ئاماژەکان، وەرگرین. تا پێش تەشەنەسەندنی دیاردەکە، پێشگیریی لێبکەین، هەروەها تاکو بە هەڵەی ئەو وڵاتانەدا نەچینەوە کە لە سەرەتاوە سەرچاوەکانی جەمبوونەوەو پەنگخواردنەوەی ئەو شاڵاوەیان نەگرت، تا دواجار وەك بەنداوی حیساب بۆنەکراو تەقییەوە بەڕوویانداو ئێستە بەریان پیٚ ناگیریٚ‌و لەدەستیان دەرچووە.

بە داخەوە لە ڕاپۆرتی ساڵی (٢٠١٦ز)ی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ڕاشکاوانە ئاماژە کراوە بە تێوەگلانی هەندێك بەرپرس‌و دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم، بە تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، بە تایبەتی لەناو کچان‌و ئافرەتانی ئاوارەی کەمپی پەنابەرە سورییەکاندا. هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا ـ کە (٤٢٢) لاپەڕەیە ـ هاتووە کە ".. تۆڕەکانی بازرگانیی سێکس بە ئافرەتانی ئێرانییەوە،

زۆریان لە چەندین کچی ئێرانی کردووە کە لە چەند شوێنێکی لەشفرۆشیی لە هەرێمی کوردستاندا کار بکەن. ڕاپۆرتەکە نایشارێتەوە کە هەندێك لەوانەی سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، بەرپرسانێکن لە حکومەتی هەرێم "[1]

من بۆ خۆم ناتوانم ئەم هەواڵە پشتڕاست بکەمەوە، یان بە درۆ بخەمەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە: **هیچ** بەرپرسو سەرچاوەیەکی ڕەسمیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو هەواڵو زانیارییەیان بەدرۆ نەخستووەتەوە، سەرەڕای تێپەڕینی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەیدا.

بۆیە پێویستە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمو ڕۆشنبیرانو نوێنەرانی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ـ بە بەرپرسە باڵاکانی حزبە سیاسییەکانیشەوە ـ بە وردیی ئەم بابەتە تاوتوێ بکەن، پێویستە داوای داتاو زانیارییو ئاماری زیاتر بکەن، پێویستە شارەزایانو پسپۆڕان سەبارەت بە هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەکە بپرسن. پێویستە بە هەموومانەوە لە چەکەرە سەرەتاییەکانیدا، بنبڕی

---

١ بەشێك لەو ڕاپۆرتە لەم سایتەدا ببینە:

http://www.souriyati.com/٢٠١٦/١٢/٠٥/٦٨٤١٩.html

بە درێژیش لە پێگەی ڕەسمیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هەیە.

دیاردەکە بکەین، بە بەستنی کۆڕو سیمیناری جۆراوجۆرو دەستکردن بە پرۆگرامی خوێندنەوەو بەرنامەی هۆشیاریی لەو بوارەدا.

پێویستە زاناو وتاربێژو بانگخوازانی ئاینیی تاوانەکانی دیاردەکە لە ڕووی شەرعییەوە بخەنە ڕوو، با گەورەیی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ لە دیدی ئاینەوە ڕوون بکەنەوە. وەگەرنا تەنها بە یاساو بڕیار ناتوانرێ بەر بگیرێ لە دیاردەیەکی وا ترسناك، کە هەڕەشە لە ئەمڕۆی زۆربەی وڵاتانی جیهان دەکات.

دەبێ دەسەڵاتی هەرێم بەرنامەی هەبێت بۆ چاکسازیی ئەو لایەن‌و بوارانەی بە سوودی تاکی هاوڵاتی دەگەڕێنەوە، لە دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، لەناوبردنی دیاردەی فەسادو گەندەڵیی, ڕێکخستنی هەلی کار بۆ لاوان‌و بێکاران، بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکی هاووڵاتی، هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی, کارئاسانی بۆ قازی‌و دادگاکان، هەنگاونان بۆ بەرنامەی بونیادنانەوەی کەسێتی قوربانییانی ئەو دیاردەیە, بە تایبەتی لە خانەکانی چاکسازیی‌و زیندانەکان‌و یانە کۆمەڵایەتییەکاندا، چونکە ئەم دیاردەیە مەترسیدارترین هەڕەشەی سەردەمە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتیی‌و ئاسایشی خێزانیی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا.

بۆیە دەبێت لەسەر چوار ئاستی سەرەکیی کار بکرێت: هۆشیاری تاك، پلانی دەسەڵات بۆ چارەسەری حاڵەتەکان، تۆکمەکردنی یاساو ڕێکارەکان، هەروەها هاوکاریی‌و بەدەمەوەچونی قوربانییەکانی دیاردەکە.

سەبارەت بە کوردستان لەبەرئەوەی حاڵەتەکان نەبوونەتە دیاردە, دەتوانین بە ئاسانیی ئاگربڕی مەترسییەکانی بکەین, دەبێت پلانێکی ستراتیژیی نیشتیمانیی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوە, دوور لە دەنگ‌و باس خۆشکردن تەنها بۆ ڕاگەیاندن, یان بۆ چاولێگەریی‌و گوتنەوەی بێ ناوەڕۆك, یان ڕاکە ڕاکە بە دوای کاردانەوە ئیقلیمیی‌و نێو نەتەوەییەکاندا, چونکە هیچ کام لەوانە دادی هیچ کۆمەڵگەیەکیان نەداوە، لەو وڵاتانەدا کە زۆر لە ئێمە بە ئەزموونترو دەوڵەمەندترو بەتواناترن. ئەو فۆرم‌و مۆدێلە ئەوروپییە کە بە ملیۆنها دۆلار خەرج دەکرێت لە سەدان کۆنگرەی وەرزیی‌و بۆنەیی‌و ساڵانەدا, نە قەناعەت‌و تێگەیشتنەکانی بە تەواویی گۆڕیوە, نە لەسەر زەوی واقیعیش سوودێکی لێ بینراوەو بەرهەمێکی ئەوتۆیان هەبووە.

هیوادارم پاش دڵنیا بوون لە مەترسیی ئەم دیاردە جیهانییە‌و هەر دیاردەیەکی تری هاوشێوە, ڕاستەوخۆ بکەوینە بیری چارەسەرە

بنەڕەتییەکانو خۆمان لادەین لە سەرقاڵبوونو خۆماندوو کردن بە کارە ڕووکەشییەکانەوە.

زانست

## دەقی وتاری کۆنگرەی جیهانیی (بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە)

## لە (٢١)ی مایسی (٢٠١٢ز)

وەك نەریتێکی زانستیی کورتکردنەوەی بابەت بە زمانی باوی دەوروبەر لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، لێرەدا دەقی ئەو وتارە دادەنێم کە لە کۆنگرەی جیهانیی (بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە)، لە مانگی مایسی ساڵی (٢٠١٢ز) لە (هاوینەهەواری دوکان)ی پارێزگای سلێمانی، بە زمانی عەرەبی پێشکەشم کرد، لەبەر ئەوە ئاماژە بە دیاردەکەو پێشنیاری بەشێك لە ئەرکی سەرشانمانی تێدایە.

ئەو کاتە بەندە لە پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو بووم، بۆیە لە لایەن حکومەتی ئیتالییەوە ـ کە خاوەنی بیرۆکەکەو چاودێری کۆنگرەکە بوو ـ بانگێشت کرام بۆ پێشکەشکردنی وتارێك لەو تەوەرەدا: (ئەرکی دامو دەزگا ئاینییەکان بەرامبەر بە دیاردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە)..

ئەوەی دەیخوێننەوە دەقی وتارەکەیە بە زمانی عەرەبی، وەك خۆی، کە لە کۆنگرەی ناوبراودا پێشکەش کراو ڕاستەوخۆ وەریشگێڕرا بۆ زمانی ئینگلیزی:

بسم الله الرحمن الرحيم

أصحاب السيادة والسعادة والمعالي، الحضور الكرام،

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

لا بدّ في البداية أن نشكر جميع من ساهموا في إنجاز أعمال هذا المؤتمر، لا سيما المنظمات الإيطالية ذات الصلة، ومنظمة التحالف الدولي لنشر العدالة، وكل من ساهم بشكل أو بآخر في تسهيل أمر المؤتمر هذا.

أقول في البداية: بما أن المؤتمر أدرج في شعاره الإشارة إلى الآليات المؤثّرة للقضاء على ظاهرة الاتجار بالبشر، فإنني أدعو إخواني وأخواتي جميعا أن نركّز اليوم على هذا الجانب، متمنياً النجاح للمؤتمر.

ومن هذا المنطلق ووفق ما ورد في جدول الأعمال، حيث التركيز على دور المؤسسات الدينية ومؤسسات المجتمع المدني في مناهضة الظاهرة، فإنني سألقي الضوء على أهم ما على تلك المؤسسات فعله:

بداية لابد من التذكير بأن الله سبحانه قد كرّم بني آدم، فقال سبحانه: (ولقد كرّمنا بني آدم وحملناهم في البر والبحر ورزقناهم من الطيبات وفضلناهم على كثير ممن خلقنا تفضيلا). من هذا التكريم والتفضيل يكمن سرّ اختيار الإنسان خليفة لله، مكلّفا باستعمار الأرض، بالاستفادة من مظاهر رحمته ونعمه التي لا تحصى.. ومن ذلك أيضاً يظهر مدى فضاعة جريمة الاتجار بأعظم مخلوق من مخلوقات الله تعالى.

سادتي الحضور:

أحب أن أؤكد في كلمتي أن مواجهة ظاهرة الاتجار بالبشر، بحاجة إلى خطط تضامنية بين جميع المؤسسات التشريعية والتنفيذية الحكومية، تساندها جهود من قبل المؤسسات الدينية ومنظمات المجتمع المدني، بحيث يستكمل بعضها بعضا. فلا يمكن التصدي لظاهرة كهذه ـ بأبعادها الاجتماعية والسياسية والاقتصادية والثقافية ـ بمجرد تشريع قانون، أو إصدار قرار، أو عقد مؤتمر، أو كتابة تقرير، أو تقديم بحث, بل لا بدّ من كل ذلك معاً، وفي وقت واحد.

أقول ذلك لأن جريمة منظّمة كجريمة الاتجار بالبشر ـ التي تعتبر إعادة للعبودية والاسترقاق في ثوب معاصر ـ لم تأت من فراغ ، بل هي نتيجة لمقدمات، وحصيلة لأسباب, وانعكاس لإحباطات سياسية واجتماعية.. فغياب العدالة، واختلال ميزان توزيع الثروات، وانعدام الأمن، وتفشّي البطالة، وضعف الوازع الديني، وتدنّي الانتماء الوطني، وانتشار الدعارة والفساد، والغزو الثقافي.. كل ذلك ـ وغيرها من الأسباب ـ قد أثّر في نشوء الظاهرة وتوسّعها. ولهذا قلت أن المواجهة تحتاج إلى خطط تضامنية متكاملة..

إذن، فكما أن الظاهرة عامة وعالمية ومتشعبة، فإن التصدّي لمناهضتها لا بدّ أن يكون ـ أيضا ـ شاملا ومتعددا، كواجب عالمي، يلقي بتبعات والتزامات على الجميع، محليّا وإقليميّا ودوليّا، بغية اتخاذ إجراءات صارمة، وإصدار قرارات بالاتجاه الصحيح، بجانب الجهود الثقافية والخطوات التشريعية.

وبما أن البروتوكول الخاص للأمم المتحدة، قد وسّع في تعريف جريمة الاتجار بالبشر، بدءاً بالتجنيد والنقل ومرورا بالانتقال به، والإيواء، وانتهاء بالاستخدام لأغراض السخرة والعمالة والخدمة القسرية والاستغلال الجنسي والتجارة بالأعضاء، فإن على الجميع أن يقوم بواجبه في مجاله وحسب تخصّصه، كي تتم العملية التضامنية التي أشرنا إليها، والتي لا يكون من السهل مكافحة تلك الجريمة بدونها.

فعلى العلماء الدينيين والأكاديميين والإعلاميين ورجال التشريع والقانون، وأهل الفكر والتنوير، والمنظمات المدنية، أن يؤدوا ما عليهم بتحريم كلّ ما يؤدي إلى الجريمة دينيّا، وتشريع كل ما يمكن أن يحدّ منها، قانونيا، وتوعية الفئات الشعبية، إعلاميّا، وتنشئة الأجيال على حب الإنسان وإبراز كرامته، تعليميّا. وعلى مؤسسات الدولة السعي لتضييق الفرص على العصابات المنظمة أمنيّا، وتوفير فرص العمل، وتحقيق القدر الممكن من العدالة اقتصاديّا.

وبما أن معظم الضحايا من النساء والفتيات بل أن (٦٠٪) من جرائم الاتجار بالبشر من قبل النساء ـ وفق تقارير الأمم المتحدة ـ فإن على المنظمات النسويّة بكافة أطيافها أن تسعى لخلق رؤية موحّدة لما يحاك ضد المرأة من مؤامرات عديدة جعلتها الضحية الأولى في معظم الأحوال.

وهكذا فإن مكافحة تلك الظاهرة الإجرامية، قد تؤتي ثمارها، بوجود منظومة خططية شاملة، بمساندة شراكة فعالة بين المؤسسات الحكومية والأهلية من جانب، والجهود المحلية والدولية من جانب آخر.

وختاما فإنه يسعدني ويشرّفني أن أعبر باسمي وباسم كتلة الاتحاد الإسلامي في برلمان كردستان، عن جزيل الشكر لمنظّمي المؤتمر مرة ثانية، ولكم جميعا، لحسن استماعكم، متمنيّا وآملا أن يخرج المؤتمر بقرارات وتوصيات، تصبّ في مساعي مواجهة جريمة الاتجار بالبشر بإذن الله تعالى..

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

أخوكم: عمر عبد العزيز

رئيس كتلة الاتحاد الإسلامي الكوردستاني،

في برلمان كردستان